**Breaking the Silence:**
**Combating FGM in Iraqi-Kurdistan**

# شكاندنی بیدەنگی
# ڕوبەڕوبونەوەی خەتەنەکردنی مینە لە کوردستانی _عیراق

لە گەلاَلە نامە نێودەوڵەتیەکانی ماف مرۆڤدا خەتەنەکردنی مێینە وەك جۆرێکی سەخت لە توندوتیژی ناسراوە و پێناسە دەکرێت بە توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان و منداڵان و ڕێنومایی ئاژانسە کانی ناوخۆ نێودەوڵەتیەکان کراوە بۆ دژایەتی ئەم دیاردەیە وە لە چەند وولاَتێکی جیاجیالەئەفەریقیا وەلەم دوایەدا بە هەمان شێوە لە ئەوروپاش .

بەلام لە عێراق و سەجەم ولاَتانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و دەوڵەتانی ناوچەکەدا ئەم دیاردەیە پشتگوێخراوە .

ژنانی کوردستانی _عێراق ئەم بێدەنگیە یان شکاند ولە سالی 2005 بە پیَ ڕاپۆرتەکان دەرکەوتوە کە لە هەندێك ناوچەدا بە ڕێژەی ٪60 ژنان خەتەنە کراون.پزیشك و چالاکوانەکان لە ڕاپۆرتەکانیان هەمان ڕێژە دەردەخەن لە ناوچەی هەرێمی کوردستان لە باکوری عێراق.

وەك دەرئەنجامێك ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و گروپەکانی ژنان بە هاوکاری ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کە دەست پێشخەر بوون بۆ روبەروبونەوەی خەتەنە کردنی مێیینە لە ناوچەکەدا.

هەڵمەتێکی چالاك لە دژی خەتەنەکردنە مێیینە ڕادەگەیەنن لەژێر ناونیشانی خەتەنەکردنی مێینە بوەستێنن لە کوردستان ؟!

لەدەر ئەنجامی ئەو ڕاگەیاندنە گشتی و بەرفراوانەی لە روو بەروو بونەوەی خەتەنەکردنی مێیینە وە دەست پێشخەری و پشتگیری کردنی ئەم کەمپینە لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی جۆراو جۆر ی ناو خۆ و دەرەروە کە ئامانجیان قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێیینەیە .

لە ریَورەسمی مەراسیمی رۆژی جیهانی ژناندالە مارسی ، 2007کەمپینی خەتەنەکردنی منێینە بوەستێنن بەرپاکرا و یاداشتێکیان پێشکەشی، پەرلەمانی کوردستان کرد .

ئەم یاداشتە لە چەند لە ڕۆژنامەیەکی ناوحۆیدا بلاَوکرایەوەو داوا دەکات کە بە یاسا خەتەنەکردنی مێینە بوەستیت یان قەدە غەبکرێت ، وە لە چەند رۆژێکی کەمدا توانرا زیاتر لە 14000 ئیمزا لە لایەن خەڵکەوە کۆکرایەوە کە تییاندا چەندین کەسی نوسەرو هونەرمەند ورۆژنامە نوس بوون.

**یاسایەك دژی خەتەنەکردنە مێینە خرایە بەردەم پەرلەمان :**

دوای پشتگیری کردنی ڕای گشتی بۆ داواکردنی قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە ، وە کۆبوونەوەی چەند پسپۆڕێك لەچەنیدن بواری تایبەت کە پێکهاتبون لە ،پزیشك، پارێزەر، بزوتنەوەکانی مافی ژنان، و مافی مرۆڤ لە کۆنفرانسی مانگی 4 _2007 بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسێکی یاسایی لە دژی خەتەنەکردنی مێینە وە یاساکە پێشکەشی پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا وەچاوەروان دەکرێت ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت

**هەر بەخشین و هاوکاریەك ئەتوانێك گۆڕانکاری دروستبکات :**

بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی ئەم کەمپینە وە زیاتر بۆ پەرەسەندنی ئەم کارە پێویستمان بە پشتگیری ئێوەیە هەربەخشینێك جیاوازیەك دروست دەکات،لەم دوایانەدا دەرکەوت بە وێناکردنێکی بارو دۆخەکە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش کە لە ناوچەی ڕانیە دەرکەوتوە کە ڕێژەی خەتەنەکردنی مێینە لە ٪95 وە هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە ناوچەی کوردستانی _ ئێران ئەم دیاردەیە بەربڵاوە.